

# رازی باران و حەرفێکی جادوویی

مەهدی زریان



له نزیک دەروازەی شار و لەسەر شۆستەی شەقامە سەرەکییەکەدا چەند منداڵێک لە ژێر سێبەری پیرە دارچنارێکدا خەریکی هەڵماتێن و یاریکردن بوون، لەوبەری شەقامەکەوە دەنگی وەستانی پاسێک سەرنجی منداڵەکانی راکێشا، پاش چەند ساتێک پاسەکە کەوتەوە رێ هەر لە شوێنی وەستانی پاسەکەدا پیاوێکی تەمەن مامناوەندیی گەنمرەنگ بە ریش و سمێڵێکی پڕی ماش و برنجییەوە دەرکەوت جانتایەکی بە دەستەوە بوو دەستی چەپیشی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو بە قووڵی دەیڕوانییە ئەو ماڵەی دەکەوتە پشتی دارچنار و مناڵەکانەوە، جانتاکەی دانایە سەر زەوی و جگەرەیەکی داگیرساند، زۆر بیری کردەوە، دەیویست بزانێ بۆچی هاتووەتەوە ئەم شارە، بڕیارێکی سەیربوو سەفەرێکی بێ ئامانج، هاتنەوەیەکی بێ ئامانج، لە بەرخۆیەوە گوتی: تۆ شێتی شێت، لەو دەمەدا ئۆتۆمبێلێکی زۆری رازاوە بە دروشم و پارچە پەڕۆی رەنگاورەنگ بە هۆڕینی بەرز و خوێندنی سروودی نیشتمانییەوە بە بەردەمیدا تێ پەڕین پێدەچوو ئەوانە گرووپێکی پڕوپاگەندەی یەکێ لەو لیستانە بن کە خۆیان بۆ هەڵبژاردن کاندید کردووە، هێڵنجێکی دا منداڵەکان ماندووبوون لە تەماشاکردنی و دەستیان کردەوە بە یاری و هەڵماتێنەکەی خۆیان، ئەویش بە شەکەتییەوە جانتاکەی کردە شانی و بە خاوی لە شەقامەکە پەڕییەوە و بەرەو منداڵەکان هات، چاوی بڕیبووە دەرگەی داخراوی ماڵەکەی پشتیانەوە بێ گوێدان بە مناڵەکان و چاوتروکاندن بەسەر ئەو هەڵماتانەدا تێ پەڕی کە یارییان پێیان دەکرد، تا گەیشتە دەرگە داخراوەکە و دەستەکانی بە میلەی سەرووی دەرگە داخراوەکەوە گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوانی میلەکانەوە تەماشای نێو حەساری ماڵەکەی کرد، یەکێ لە مناڵەکان لێی نزیک کەوتەوە و گوتی:

مامە گیان.. مامە گیان.. مامۆستا.. ئەم خانووە زۆر دەمێکە چۆڵە و کەسی تێدا ناژیت، ئەویش پێدەچوو گوێی لە دەنگی مناڵەکە نەبووبێ و بێ ئاوڕدانەوە پاش ماوەیەکی زۆر دەستی برد بۆ گیرفانەکانی و لە دواین گیرفانیدا چەند کلیلێکی دەرهێنا و بە قفڵی دەرگە داخراوەکە تاقی کردەوە بە یەکێ لە کلیلەکان قفڵەکەی کردەوە، بەڵام دیاربوو دەرگەکە بە هۆی مانەوەی زۆری بەو شێوەیە بە ئاسانی نەدەکرایەوە هەر بۆیە بەناچاری پاڵێکی توند و بەهێزی بە دەرگەکەوە نا، لەگەڵ کرانەوەیدا زرمەیەکی بەرز لە دەرگە و دیوی ژوورەوەی دیوارەکە هەستا، مناڵەکان داچەڵەکان و ترس دای گرتن، سێبەری دارچنارەکەیان چۆڵ کرد و رۆیشتن، لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا یەکەم شتێ کە سەرنجی راکێشا بالای بەرزی ئەو دارکالیبتۆسە بوو کە لە ناوەڕاستی حەسارەکەدا چاندبووی و هیچ کات بەو بالابەرزەوە نەیبینیبوو، لە بەرخۆیەوە گوتی: هاوڕێم وا دیارە تەمەن تۆشی بواردووە، پیربوون و گەڵاکانی بێ رەنگ و بالاشی رووشاندووی.

زیاتر لێی نزیک کەوتەوە و بە هێمنی دەستێکی بە باڵای دارەکەدا هێنا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

کاتێ بە وردی لە شوێنەواری ئەو زامانە قووڵبووەوە کە تەمەن بەسەر دارەکەوە جێی هێشتبوو، شلەژا و رەنگی پەڕی زیاتر ورد بووەوە پیتێک بە دوو جار بە پاڵ یەکەوە بە قەدی دارەکەوە بەم شێوەیە هەڵکەندرابوو "خ خ" هەستی کرد بەم حەرفە ئاشنایە، بەڵام هەرچەند بیری کردەوە و گوشاری خستە سەر زاکیرەی خۆی و لێکدانەوەی بۆ کرد واتای راستەقینەی پیتەکەی بۆ نەدۆزرایەوە، لە بەرخۆیەوە چەندین جار دووبارەی کردەوە خ.. خ.. خ.... پاشان وەستا و لە بەرخۆیەوە گوتی: دەشێ مەبەست لە خائین بێ؟ خائین.. خائینی.. نا نا من لە چیدا خیانەتم کردووە تا لە قەد داری نێو حەساری ماڵی مندا شتی وا بنووسرێ؟ بۆ نا.. خۆ من لە خەڵکی ئەم شارە جیاوازنیم کێ هەیە بەشی خۆی خیانەتی نەکردبێ! هەستی بە قورسی و بێ هێزی شانی دەکرد هەر بۆیە جانتاکەی لە شانیدا هێنایە خوارەوە و لەسەر جانتاکەی دانیشت و پشتی خۆی دا بە قەدی دارەکەوە، زۆر بیری لە خیانەت و ناپاکی کردەوە هیچی بۆ نەچووەوە سەر یەک، روخساری لە نێو دەستەکانی خۆیدا شاردەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر دۆشداما لە بەرخۆیەوە گوتی: دەشێ ئەم حەرفە مانایەکی تری هەبێ، هەڵسایەوە سەر پێ و زیاتر لە حەرفەکە راما و دووبارە و چەند بارە لە بەرخۆیەوە گوتییەوە: خ.. خ... خ.. هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا پێدەچوو رازی حەرفەکەی ئاشکرا کردبێ بە دەنگێکی بەرز گوتی خەم.. خەم.. دەشێ مەبەستەکە خەم بێت، نەک هەر دەشێ بە دڵنیاییەوە خۆیەتی، بۆ ئەم وڵاتە جگە لە خەم هیچی تری بەخۆیەوە بینیوە؟ ئارامییەک بە گیانی داهات وەکو ئەوەی لەم سەفەرە دوورودرێژەیدا تەنیا ئامانجی ئەوە بووبێت لە گەڕانەوەیدا گرێکوێرەی ئەم پیتە نەفرەتییە بکاتەوە لە توێی زەمەنێکی ون و قێزەووندا، هەر بۆیە بە خۆشحاڵییەوە بەرەو دەرگەی ڕاڕەوی ماڵەکەی رۆیشت و دەرگەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، بۆ ماوەیەک چاوی بەنێو ماڵە بێدەنگ و تۆزاوییەکەدا گێڕا پاشان رووی کردە ئەو ژوورەی کتێبخانەکەی تێدا بوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کورسی و مێزێکی دارین هەبوو گوڵدانێکی سیرامیک کە دوو چڵەگوڵی وشکەوەبووی تێدا بوو بەسەر مێزەکەوە بوو، لە تەنیشتی گوڵدانەکەشدا چەند پەڕەکاغەز و قەڵەمێک و پیاڵە چایەکی بەتاڵ و پەرداخێکی کەوتوو بەسەر کاغەزەکاندا دەبینرا، لە نێو ئەوانەشدا رۆژژمێرێکی میلادی هەبوو کە لە خوارووی ژمارەکانەوە وتەیەکی مەسیحی تێدا نووسرابوو «تەنیا ئەوانە دەتوانن هاوڕێم بن کە بە شانیان خاچی خۆیان هەڵدەگرن» چاوێکی پێدا خشاند، بەڵام گرینگییەکی پێ نەدا، سەری بەرز کردەوە لە سەرووی کتێبخانەکەدا وێنەیەکی سەردەمانێکی کۆنی خۆی

هەڵواسـرابوو پێـدەچوو وێنەكـەی لە ژێر باراندا گـرتبێ هەرچەندە تۆز و تۆڕی ناسكی جـاڵجـاڵۆكـە تەڵخی كـردبوو ژوورەكـەش تا رادەیەک تاریک بـوو هەر بۆیە پەردە قـەوس و تۆزاوییەكەی سەر پەنجەرە گەورەكەی هەڵدایەوە، ماوەیەک لەمدیوی پەنجەرەكەوە لە باخچەكە راما و چاوی بۆ چیمەن و ئەو پەپوولانە دەگێڕا كە هەمیشە لە بەیانیـانێكی زوودا بەسەر گوڵە هەمـەجـۆر و رەنگاورەنگەكاندا باڵەفرەیان دەكـرد و دەنگی خـوێندنی چۆلەكـە و باڵندەكـان مـێشكیـان ئارام دەكـردەوە، ئەم خـۆی وا راهێنـابوو لە كـاتی باراندا كـتـێبـخـانەكـەی جێ نەدەهێشت و كورسـیـیـەكەی لە پەنجـەرەكە نزیک دەكردەوە و چێژێكی زۆری لە رەنگی گەڵا تەڕەكانی درەختی باخچەكە وەردەگرت، بەڵام ئێسـتـا نە دارێكی سـەوز و نەچیمەن و گوڵ و پەپوولـەیەک لەو پەنجـەرەیەوە دیارە و نە دەنگی باڵندەیەک دێتـە گـوێی، باخـچـەكـە زیاتر لە گۆڕسـتـانێكی كۆن دەچوو، پێی وابوو دەسـتـێكی بەهێز دڵی دەگووشـێت هەناسـەی تەنگ بوو سـەرتاپای گیـانی كەوتە لـەرزین خۆی گەیاندە كورسـیـیـە دارینەكە و بەرامبـەر كـتـێبخـانەكە دانیشت لە ئەنجامی لەرزینی لاقەكانی تەقەی پاژنەی پێڵاوەكانی خەریكبوو كاسیـان دەكرد، هەرچەندی دەكـرد خـۆی بۆ كـۆنتـرۆڵ نـەكرایەوە هەربۆیـە جـانتـاكـەی بیركـەوتەوە كـە حـەبی هێـوركـەرەوەی تێـدا بوو، بەڵام لـە خـۆی رانەبینی لاقـە لـەرزۆكـەكـانی بیگەیەنێـتـەوە بە داركالیـبتوسـەكەی نێو حـەسـارەكـە، چونكە جانتـاكـەی لەوێدا جێـهـێشـتبـوو، هەربۆیە بە شـێوەیەكی پڕ لـە گومـانەوە گوتی: نا نا پێویستم بەو جۆرە حـەبانە نییـە خـۆمـن شـێت نیم، چاوی بڕیبووە كتێبخانەكە دووبارە پیتی قەدی دارەكەی بیركەوتەوە "خ خ" ئا دۆزیمەوە دەشێ مـەبەسـتـەكە هـەر خیـانەت بێ، چونكە ئەوەتا یەكێ لە خیـانەتەكانم بە چاوی خـۆم دەبینم بە هەڵاتنی خـۆم قـوربانیم بـە روحی سـەوزی ئەم باخـچـەیە داوە، ئاخر هـەڵاتن خیـانەت و دۆڕانە دۆڕان، هەڵسـایەوە سـەرپێ بە گیـانی لەرزۆكـەوە خـۆی گـەیاندە كـتـێبـخـانەكـە و چاوی بۆ چوارینـەكـانی خـەیام دەگـێـڕا، چونكە، ئەم جـاران كـە دڵی تەنگ دەبوو، بە خـوێندنەوەی ئەو كـتێبە خـۆی ئارام دەكردەوە دەسـتـە لەرزۆكەكەی لە كتێبەكە گیـر كرد و ویسـتـی دەری بێنێ، بەڵام بە هـۆی كـۆنی كـتـێبـەكان و مـانەوەیان بۆ سـاڵانێكی زۆر لە ژێر شـێی سـەرمـای زسـتـان و گـەرمـای هـاوین بەیەكەوە چەسـپی بوون، هەربۆیە زۆرینەی كتێبەكان لەگەڵ دەسـتـیـدا هـاتن و بەرەو زەوی رووخـان و پەرش و بڵاو بوونەوە، لە نـێوانـی كـتـێـبـەكاندا كـۆمـەڵێ نامـە دەركـەوتن یەكێک لە نامـەكانی هـەڵگرتـەوە لەسـەر بەرگی نامـەكە و لە ژێر واژوویەک هەمـان پیـتی "خ خ" نووسـرابوو خـەریكبـوو مێشكی بتـەقێ یەكە یەكەی نامـەكانی بە پەلە ئاڵوگـۆڕ دەكرد هەمـان پیتیـان لەسـەر نووسرابوو! بڕوای بە چاوەكانی خۆی نەدەكرد بە مشت لـە سـەری خـۆی دەدا و نەدەهـاتەوە بیری ئەم نامانە هی كێن و بۆ كێ هـاتوون و بۆچی لە كتێبخـانەی ئەودان؟ یەكێک

له نامەکانی لە بەرگەکەیدا دەرهێنا و خوێندییەوە نامەکە بەم شێوەیە نووسرابوو «سڵاو خ خ زۆرم خۆشدەوێیت و بیرت دەکەم، دەزانم تەنیایت و بێدەنگی لە ژووکەتدا هەراسانی کردووی تکات لێ دەکەم یادگارییەکانم بسووتێنە، چونکە بە سووتانی یادگارییەکانی من ژوورەکەت رەنگێکی تر لە خۆ دەگرێ، مەپرسە لە حاڵی من دەشێ زۆر باشبم یا خراپ، ئەمەیان تەنیا پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە و خەمی من مەخۆ باشە چاوەکەم؟» بە پێکەنینێکی نەرم و تێکەڵ بە کۆکە و هەناسەسوارییەوە گوتی: دەبێ ئەم نامانە لە چ هەرزەکارێکی نەفامەوە بۆ چ کەسێکی گێل و خۆشباوەڕ هاتبێت؟ ئەی بۆ لە ماڵی مندایە؟ ناشێ پاش رۆیشتنی من کەسانێک ماڵەکەمیان داگیر کردبێ؟ بۆ نا لەم وڵاتەدا هەموو شتێک روو دەدا، یەکە یەکە سەیری نامەکانی دەکرد و لە بەرگەکانی دەریانی دەهێنا هیچ حاڵی نەبوو هێڵنجێکی دا خەریکبوو جەرگ و دڵی لەگەڵیدا دەرچێ، تەواو دڵنیا بوو لەوەی کە داگیرکەرێک لە ماڵەکەیدا هەیە هەربۆیە بە هاوارەوە گوتی: تۆ کێیت کێیت؟ لەو دەمەدا ترپەی پێیەکی لە ژووری نووستنەکە بەرگوێ کەوت پێی وابوو کەسێکە و لە ژووری نووستنەکەدا خۆی شاردووەتەوە و لە بیستنی قیژەی ئەو ئاگەدار بووەتەوە، بە غروروکبریا باوەکەی خۆیەوە بەرەو چێشتخانەکە رۆیشت و چەقۆیەکی گەورەی دەرهێنا و دەرگەی نووستنەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە و لە پشتی خۆیەوە دەرگەکەی داخستەوە، پاش مشتومڕێکی زۆر ناڵەیەک بەرزبووەوە پێدەچوو چەقۆکەی وەشاندبێ و ئامانجی خۆی پێکابێ پاشان شڵپەیەکی توند هات و لەوە دەچوو کەسێک لە دواین هەناسەکانیدا کەوتبێتە سەر زەوییەکە، پاش بێدەنگییەک لە ژووری نووستنەکە بە گوڕوتینێکەوە هاتە دەرەوە چەقۆکەشی بە دەستەوە نەمابوو پێدەچوو لە لاشەی ئەو کەسەدا جێی هێشتبێ کە کوشتوویەتی لە ماڵەوە هاتە دەرێ بارانێکی بەخوڕ بەسەر حەسارەکەدا دای کردبوو، بە دڵخۆشییەوە بە ژێر بارانەکەدا تێ پەڕی بەرەو دارکالیپتۆسەکە ماوەیەک لە پیتەکە راما پیتەکە وەک فوارە خوێنی لێ دەچۆڕایەوە سەر جانتاکەی، قاقایەکی هێندە بەرزی کێشا بە ئاسانی لەگەڵ گرمەی هەورەتریشقەکەدا جیا نەدەکرایەوە تا ئەو توندتر قاقای دەکێشا لێزمەی بارانەکە زیادی دەکرد، هێندە دڵخۆش بوو بەوەی کە ئامانجی سەفەر و هاتنەوەکەی زانیوە نەدەهاتەوە بیری لە ژیانیدا چێژێکی وای هەست پێ کردبێ چێژی کوشتنی داگیرکەرێک، هەربۆیە چاوێکی لە جانتا خوێناوییەکەی بڕی ویستی هەڵی بگرێت و بڕوات، بەڵام خێرا دەستی گەڕاندەوە و گوتی: نا نا بۆ ئەم سەفەرەم ئەم جانتا خوێناوییە نابەم نا نا جانتا هەر پێویست نییە جانتا بۆنی بێ کەسی و تەنیایی لێ دێت هەربۆیە دەستەکانی خستە گیرفانەکانییەوە و بە ژێر لێزمەی بارانەکەدا لە شەقامەکە پەڕیوە و لە شوێنی وەستانی بارانەکەدا و لە چاوەڕوانی پاسەکە لەگەڵ بارانەکەدا تێکەڵ بوو.